# دەبا ڕەخنەبگرین و جیاوازیش بین لە فیکر و یەکتریشمان خۆش بوێت.. ! م. حەمید عەزیز

بافێربین ڕەخنەی دروستکەر بگرین چونکە ئەوە بەخۆدا چونەوەیەکی باشە و هەر هەموو ئادەمیزاد لەیەکتری یەوە باش و خراپ فێر دەبێ و بەڕەخنە پێش ئەکەوێ بەداخێکی زۆرەوە ئێمەی کورد زۆربەمان هەتا ئێستا ڕەخنە بەجنێوو حاڵەتێکی خراپ (نەگەتڤ) وەردەگرین وسودی لێنابینین.
ڕەخنە بریتی یە: لە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک و جوان کردنی ناشرینی یەک و بەئاگاهاتنەوەیەک لەبێ ئاگایی و باشترکردنێک لە خراپیدا ئەگەر ڕەخنەکە دروست کەر بێت و دڵسۆزانەبێت. بەڵام ئەگەر ڕەخنەکە تەنها مەبەستی شکاندن بێت ئەوا ناچێتە قاڵبی ڕەخنەوە چونکە ڕەخنە ووشەیەکی وێژەیی یە (النقد) بەکارهاتووە بۆ باشترکردنی وێژەو نوسین و فەرهەنگ یان دەسەڵات نەک شکاندن چونکە لەوبارەدا ئەچێتە قاڵبی جنێوو دەمە دەمێ. جالێرەدا مەبەستم دوو برگەیە لەم بابەتەدا:

1. ڕەخنە لەکاری ڕامیاری و دەسەڵات.
2. ڕەخنە لە نوسین و بەرهەمی وێژەیی.

یەکەمیان: زۆر گرنگە دەسەڵات دیموکراتی بێت بۆ ئەوەی گوێی لەهەموو سکاڵاکان بێت و ئازاری نەتەوەکەی هەست پێ بکات و چارەسەری بکات. ئەم کاری دیموکراتی و گوێ گرتنە یان قبوڵ کردنی ڕەخنەیە کارێکی مەدەنی وفەنتازیایەکی مرۆیی یە کەهەست بەبوون کردن و کەسایەتی زیاتری پێ دەدات و تیایدا سودەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات خۆی چونکە ئەبێ سیستەمە دیکتاتۆری یەکانمان لەیاد نەچوبێ کەبەچ دەردێک چوون.. ! یان بۆهەردەبێ کورسی دەسەڵات تونگ وتیژبێت؟ دەکرێ وانەبێت وگوێگرتن لەئارادا هەبێت. بەبڕوای من ئەوەی لەڕوی ئەدەبی یەوە ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرێ دەشێ دڵسۆزی ئەو دەسەڵاتە بێت ئەو دەسەڵاتەیشی کەگوێ لەخەڵکی خۆی دەگرێ و ڕەخنەیان لێ قبوڵ دەکات دەشێ پێش بکەوێت، چونکە لەناو سیستمێکی وەهادا مرۆڤ هەست بە هاوڵاتی بوونی خۆی دەکات کەمرۆڤیش ئەو جۆرە هەستەی هەبوو زیاتر خزمەتیووڵاتی خۆی دەکات و پارێزگاری لێدەکات ئەو دەمە فیکریش ئیش دەکات ئێمەی ئادەمیزاد زمان و فیکرمان ئیش پێبکەین باشترە نەک تەنها دەستمان ئەتوانین فریای خۆمان بکەوین وەک و کورد ئەگەر سەربەستی هەبێ بۆ ڕا دەربڕین و ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات. چونکە ئەگەر ڕەخنە نەبێت و چارەسەر نەبێت و گوێگرتن نەبێت وابزانم مێژووی سەدام دەمێک نی یە و لەبیرمانەو بەدەردەکەی ئەو دەچین ئەگەر دەسەڵات تەنها گوێ لەماستاوچیان بگرێ و تەنها بۆ ئەوان بێت.
دووەمیان: ڕەخنە لەنوسینێکی یان لە بەرهەمێکی هونەری کارێکی وێژەیی تەواوە ئەبێتە هەوێنی دروست بوونی هۆنراوەیەکی جوان یان ووتارێکی نایاب یان ڕستەیەک بەفرمێسکی پێنوسی فەنتازیای ژیان لەڕوی مەدەنی یەتەوە ئەگەر ڕەخنەکە دروست کەر بێت و لەدنیای ڕازانەوەی ووشە کوردی یە شیرینەکان دەرنەچێت و خاوەنەکەی بریندار نەکرێت. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو جۆرە ڕەخنەیە کەمە کەئەبێتە هۆی پێشکەوتنی بیری خوێنەرو باشتر بوون و بەخۆداچوونەوەی نوسەر. بەداخەوە ئەمڕۆ زۆربەی ڕەخنەکان چۆتە قاڵبی

ووشەی بریندارکەرو ڕەخنەی بیری ڕامیاری پارتەکان، بەڕای من ئەوە خزمەتی هونەرو نوسین ناکات. هیوادارم نوسین و ڕۆشنبیری لەپێناوی بەرەو پێشچوونی بیری نەتەوەیی و کاری باش بەدەست هێنانی ڕۆشنبیری بۆگەلە چەوساوەکەمان و گەیشتن بەئاستی وولاتان بێت نەک بەشان و باڵی پارتەکان هەڵبدەین و ئازاری نەتەوەکەمان نەبینین، میللەتی کوردیش بەچاوی نەیارو خراپ سەیری نوسەرێک نەکات کە لەسەر دەسەڵات ئەنوسێ و ڕەخنەی لێ دەگرێ چونکە نوسەری ڕاستەقینە خەمخۆری نەتەوەکەیەتی، بەڵام دەسەڵاتی تاک ڕەوی و دیکتاتۆر تەنها خەمی کورسی یەکەیەتی. نوسەرو ڕۆشنفیکر هەمیشە ئەبێ لەبەرەی گەل بێت ئەگینا ئەبێتە نوسەری پارت و بەرژەوەندی.

M_Hamidaziz@hotmail. com